# دینی کاکەیی (یارسان) پاشماوەی دینە کۆنەکانی کوردە

د. مەهدی کاکەیی

کاکەیی و ئێزدی و عەلەوی و درووز، هەموویان لە مێژدا یەک دین بوونە، ئەویش دینی یەزدان بووە. ئەم چوار دینە پاشماوەی دینی میترایی و یەزدانین. میترایی دینی هەموو ئارییەکان بووە و زیاتر لە 4500 ساڵ پێش ئێستا دەرکەوتووە. میترایی دینی میتانییەکان بووە، کە باوباپیرانی کوردن. تا ئێستایش ئەم چوار دینە زۆر نێزیکن لەیەکتر و جیاوازییەکی زۆر کەم هەیە لە نێوانیاندا. ئەم جیاوازییەش پەیدابووە بەهۆی دابڕینیان لە یەکتر. پاشماوەی دینی میترایی بەڕوونی لە ناو ئەم دینانە دەردەکەوێ، وەک باوەڕکردن بە دوو هێزی دژبەیەک، ئەویش خێر و شەڕ و دۆناودۆن و پیرۆزی ئاگر و خۆر و پێشکەشکردنی قوربانی (نیازکردن، جەماتکردن) بە خەڵکی زندوو و مردوو و ماچکردنی زەوی، کە ڕێوڕەسمنواندنێکی دینیە بۆ دەربڕینی خۆشەویستیی و سوپاسمەندێتیی ئەو زەویە کە مروڤ لەسەری دەژێت و ژیانی وابەستەیەتی. مامۆستا جەمال نەبەز لە کتێبەکەیدا "المستضعفون الکورد و إخوانهم المسلمون" کە ساڵی 1994 دەرچووە، دەڵێت ناوی عەلەوێکان لە وشەی "هەلاو" وە هاتووە کە پێوەندیدارە بە پیرۆزبوونی ئاگر لە دینە کۆنەکانی کورددا. تورکەکان ئەم ناوەیان گۆڕی بۆ "ئەلەڤی" و ئێترئەم ناوە بووە ناویان و عەرەبەکانیش کردیان بە "عەلەوی". ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ناوی عەلەوێکان هیچ پێوەندییەکی نیە بە ئیمامی عەلییەوە.

دەڵێن میترا لە 25 سیپتەمبەر لە دایکبووە و لەم بەرواره شەو درێژترین شەوە لە ساڵدا. پاش ئەم ڕۆژە، ڕۆژگار دەستدەکات بە درێژبوونەوە و شەویش کورتدەبێتەوە. کاتێک میترا لە ئەشکەوتێکی تاریک لەدایکبوو لەم بەروارە، کە شەوەکەی درێژترین شەوە، میترا بە لەدایکبوونی دونیای ڕووناککردەوە. میتانییەکان، کە باوباپیرانی کۆنی کوردن بڕوایان بەوە بوو کە بە لەدایکبوونی میترا هەتاو ڕزگارییبوو لەدەست خوای تاریکیی و بەرزبووەوە بۆ ئاسمان و دونیا و ژیانی ڕۆشنکرد. خۆرەکەی ناو ئالای کوردستان بە 21 تیشکەکانیەوە، سیمبوڵی میترایە و سیمبوڵی خودایە لە دینی یەزدانیی (هیوادارم بە بیستنی ئەم زانیارییە، ئیسلامییە توندڕەوەکان داوای لابردنی ڕۆژەکەی ناو ئالای کوردستان نەکەن). ڕۆژووگرتنی کاکەییەکان لە ناوەڕاستی زستاندا، کە ڕۆژی لەدایکبوونی میترایە، بەڕوونی ئەوە دەردەخا کە

ڕووژووگرتنەکەیان بەپیرەوەچوون و پێشوازیکردنە لە لەدایکبوونی میترا. ئەمە بەڵگەیەکیترە بۆ ئەوە کە دینی کاکەیی پاشماوەی دینی میترایییە.

دەبینین لەدایکبوونی پەیامبەر عیسا دەکەوێتە هەمان ڕۆژی لەدایکبوونی میترا. ئارییەکان میترایی بوون. پاش بڵاوبوونەوەی دینی مەسیحی لە ئەوروپا، بەتایبەت لە ڕۆما، مەسیحییەکان هەڵسان ڕۆژی لەدایکبوونی میترایان کرد بە ڕۆژی لەدایکبوونی عیسا (سەرچاوە 1). لە ئینجیل نووسراوە ئەو شەوە کە عیسا لەدایکبووە، شوان لە ناوچەکە مەڕی لەوەڕاندووە {(لوقا 2:8 (Luke 2:8)}. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە عیسا لە وەرزی بەهار لە دایکبووە، کە مەڕ لەو کاتە زاییوە (سەرچاوە 2). توێژەران دەبێژن لەوانەیە عیسا لە 28 مارس لەدایکبووە (سەرچاوە 3).

بێجگە لە ناڕاستی ڕۆژی لەدایکبوونی عیسا،ساڵی لەدایکبوونیشی هەر هەڵەیە. لە یەکێک لە کتێبەکانی کە لە ساڵی 2012 دەرچووە، پاپای ڤاتیکان (بیبیدکت 16) دەڵێ عیسا چەندین ساڵ پێش ئەو ساڵە لەدایکبووە کە ئێستا بۆتە ساڵی لەدایکبوونی. (سەرچاوە 4).

کاکەییەکان سەر بە دینێکی زۆر کۆنی کوردیە. کاکەیی و ئێزدی و گەلانی هیندۆئەوروپاییەکانیترن دێو پەرەستن (خودا خۆی دەکاتە مرۆڤێک و دەبێتە کەسایەتییەکی دینی دەسەڵاتدار و کارتێکەر و دەژێت لە ناو خەڵکدا بۆ چاککردنەوەی مرۆڤایەتیی). وشەی (دێو) گۆڕدراوە بۆ (دێوا) و ئەوجا بووە بە (دییوس) و لای کاکەییەکان بۆتە (داوو) و لای ئێزدییەکانیش بۆتە (تاووس). بۆ نموونە، کاکەییەکان دەڵێن عەلی بۆ ئاسمان بەرز بووەتەوە و لەگەڵ خۆردا تێکەڵبووە و بوونە بە یەک. ئەمە نوێکردنەوەی دینە کۆنە کوردییەکانە کە تا ئێستا ماوە لە ناو دینی کاکەییدا. سوڵتان سەهاکی کاکەییەکان هەر (ئیستیاک)ە کە دوا پاشای میدییەکان بووە. ناوی کاکەیی کۆنە، (مەسعوودی) خاوەنی کتێبی (مروج الذهب) کە ژیاوە لە نێوان ساڵانی 898 و 957 زایینی، لە کتێبەکەیدا ناوی هۆزە کوردە شاخاوێکان بە (کاهکاهی) دەبات.

هاوبەشییەکی زۆر هەیە لە نێوان دینی کاکەیی و زەردەشتیدا، چوونکە هەردووکیان پاشماوەی یەک دینن و دەتوانین بێژین ئەم هاوبەشییە لە نێوانیاندا نیشانەی کارتێکردنی دینی کاکەییە لەسەر دینی زەردەشتی، چوونکە دینی کاکەیی کۆنترە لە دینی زەردەشتی و لێرە ماوە نیە بۆ باسکردنی ئەم پرسە، کە پێویستیی بە نووسینی بابەتێکی سەربەخۆیە. هیوادارم لە

ئایندەدا بتوانم بگەڕێمەوە بۆ باسکردنی ئەم بابەتە بەوردی. کتێبی پیرۆزی دینی کاکەیی (سەرنجام) بە پیرۆزانە باسی موعجیزەکانی زەردەشت دەکات. لە ڕواڵەی ڕاستیی، لەلای کاکەییەکان زەردەشت بە پاکترین و بێگەردترین وێنە باس دەکرێت. کاکەییەکان و زەردەشتییەکان بۆن و گڕی ئاگر و کڵپەی گڕ لە ماڵ و جەمخانە و جیهاندا، بە پیرۆز دەزانن چوونکە ئاگر و کڵپەی و سووتاندنی لایان بە پێویست دەزانرێن بۆ ڕۆشنکردنەوەی هەموو شتێک و ئەمانەیش تیشکی خودان. دروشمی دینی زەردەشت و کاکەیی لە یەک سەرچاوە هەڵقوڵاون، کە لە سێ ڕوواڵەت دەردەکەوێت کە ئەمانەن: ڕاستگۆیی، بەرچاوفراوانی و دەهێنداریی، ئازار و زیان نەگەیاندن بە ئاگر و ئاو و گیاندار و دارودرەخت و ڕێگاوبان. هەروەها کاکەییەکان و زەردەشتییەکان نیاز (جەمات) دەکەن و دۆعای دەدەن. ئاگر لای کاکەییەکان و زەردەشتییەکان پیرۆزە. کاکەییەکان ناوبەناو لە جەمخانەدا بە هۆی دڵگەرمییەوە دەکەونە حاڵەوە و دەچنە ناو ئاگرەوە و یاریی پێی دەکەن بەبێ ئەوەی بسوتێن. لە دینی زەردەشتیشدا، لە ماڵی مردوودا بۆ ماوەی سێ ئێوارە ئاگر لەو جێگایە دەکرێتەوە کە مردوو تیایدا شۆرراوە و بۆ ماوەی هەفت ڕۆژیش لەسەر گۆڕیش ئاگر دەکرێتەوە. کاکەییەکان سێ ڕۆژ ڕۆژوودەگرن کە دەکەوێتە چلەی زستان. هەروەها زەردەشتییەکانیش سێ ڕۆژ ڕۆژوودەگرن.

لە دینی زەردەشتیی و کاکەییدا وشەی گا پیرۆزە. زەردەشتییەکان ڕێزدەگرن لە گا چوونکە کاتێ زەردەشت بە منداڵی دزرا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، لە ناو خۆڵەمێشی ئاگردا ماوەوە و بە شیری مانگایەک پارێزگاریی کرا. هەر وەها لە دینی کاکەییش گا پیرۆزە و بەلایانەوە دونیا بەسەر گایەکەوە وەستاوە. گا لە دینی هندۆسیشدا پیرۆزە و ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە گەلانی ڕۆژئاوای ئاسیا هاوبەشبوونە لە باوەڕ و دین و کولتووردا.

لە هەرێمی باشووری کوردستان، ناموسڵمانەکان لە دۆخێکی زۆر دژوار و ترسناکدا دەژێن. دینەکانیان تووشی هەڕەشەی نەمان بوونەتەوە و خۆیانیش تووشی کوشتن و تاڵانکردن و زەوتکردنی ژن و کچەکانیان بوونەتەوە. بۆیە، تەنیا دوو ڕێگە هەیە لە بەردەم کاکەییەکاندا، یان دەبێت واز لە دینی کاکەیی بهێنن و ببونە موسڵمان و یان بەرگریبکەن لە دین و باوەڕ و ناسنامە و کولتوورەکەیان و خەباتبکەن بۆ پاراستنیان. ئەوە بەس نیە کابرایەکی کاکەیی بڵێ کاکەییەکان موسڵمانن و بەو قسە موسڵمانەکان ناخەڵەتێن. ئەو کاکەییە خۆی بە موسڵمان دادەنات، دەبێت بسەڵمێنێت کە ئەو موسڵمانە بە شایەتئیمانهێنان و نوێژکردن و ڕۆژووگرتنی

ڕەمەزان و زەکاتدان و حەجکردن بۆ مەککە، دەنا هیچ لە ڕاستییەکە ناگۆڕێت ئەگەر فەرمانەکانی دینی ئیسلامی جێبەجێنەکرێت. کارەکە بە ئەوەیشەوە ڕاناوەستێت، دەبێ ئەم کاکەییە کە خۆی بە موسڵمان دەزانێت، وازیش بهێنێت لە باوەڕ و ڕێوڕەسمی کاکەیی، وەک جەمات و ڕۆژووی سێڕۆژە و سمێڵ هێشتنەوە و حەج بۆ سوڵتان سەهاک و منداڵ بەدەستبردن (کردنی منداڵ بە کاکەیی) هتد.

نەمانی دینی کاکەیی، فەوتاندنی بەشێکی زۆر گرینگە لە مێژوو و کولتوور و ناسنامەی کوردی. بۆ پاراستنی باوەڕ و کولتوور و مێژووی کاکەیی، کە بەشێکن لە باوەڕ و کولتوور و مێژووی کۆنی کوردی، دەبێ کاکەییەکان تا دوا هەناسەیان ئەم کولتوورە ڕەسەنەی کوردە بپارێزن وەکو پاراستوویانە لە ماوەی زیاتر لە 1400 ساڵی ڕابردوودا و قوربانیەکی زۆریان داوە بە درێژایی مێژوویاندا لە پێناوی بەرگریکردن لە کولتووری ڕەسەنی نەتەوەی کۆڵنەدەری کورد. ئەمە چارەنووسی ئێزدی و عەلەوی و کاکەییەکانە، دەبێ بەردەوامبن لە تێکۆشان و خەبات و پێشکەشکردنی قوربانیی تا بەتەواوەتی ناسنامە و کولتوور و مێزووی گەلی قارەمانی کورد زندوودەکەنەوە.

1. http://www.iranchamber.com/religions/articles/mithraism_influence_on_christianity.php

2. http://www.biblicalarchaeology.org/daily/biblical-topics/new-testament/how-december-25-became-christmas/

3. Sheler, Joseph L. placed Jesus's birth on March 28. *U.S. News & World Report*. In: Search of Christmas, Dec. 23, 1996, p. 58).

4. Pop Benedict XVI (2012). Jesus of Nazareth: The infancy Narratives.